# ئەگەر ئاو بە ئەندازەی دوو قولە^ بوو؛ ئەوا پیسی هەڵناگرێت

لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری لێکرا سەبارەت بە ئاو لە حاڵەتێکدا کە ئاژەڵەکان لێی دەخۆنەوە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئەگەر ئاو بە ئەندازەی دوو قولە^ بوو؛ ئەوا پیسی هەڵناگرێت». ^(قولە: ئەندازەیەکی پێوانی قەبارە دیاری کراوە، کە نزیکەی 105 لیتر دەکات. بەڵام -دوو قولە- دەکاتە: 210 لیتر ؛ ئەمیش ئەو بڕەیە وا لە ئاو دەکات کە پیسی هەڵنەگرێت).

[صەحیحە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری لێکرا سەبارەت بەو ئاوەی کە ئاژەڵ ودڕندەکان دێنە سەری بۆ خواردنەوە وهتد، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: ئەگەر کێشی ئاو بگاتە ئەندازەی دوو گۆزەی گەورە، ئەمیش یەکسانە بە: (210) لیتر؛ ئەوا ئاوێکی زۆرە وپیس نابێت مەگەر یەکێك لە سێ وەسفەکەی بگۆڕێت: بۆنی یان ڕەنگی یان تامی بەهۆی پیس بوونەوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8357

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee